# سیحر و بەختەوەری

جۆرجۆئاگامبێن

رۆژیوالتێر بێنیامین وتبووی کە یەکەمین ئەزموونی منداڵ لە جیهان، نەک تێگەیشتن لە بابەتی بەدەسەلاتتربوونی گەورە سالان، بەڵکو فامستی ئەو نهێنییەیە، کە سیحر مومکین نییە. ئەم ڕستە، هەڵبەت، لەژێر کاریگەریی دۆزێکی بیست میلی گەرەمی مسکالین وتراوە، کە ئەوەش هیچ لە گرینگییەکەی کەم ناکاتەوە. لەڕاستیدا، زۆرتر شیمانەی ئەوە دەکرێ کە ئەو هەنیسکە نەدراوەی کە گەلێ جار گەڕووی منداڵ دەگوشێ، ڕێک لێرەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەوان دەزانن کە ناتوانن سیحر بنوێنن. هەر شتێک کە مرۆڤ لە ڕێگەی تێکۆشان و شایستەییەکانی خۆی مسۆگەری دەکات، هەمدیسان ناتوانێ بەختەوەری بکات. تەنیا سیحرە کە دەتوانێ بیگەیێنێتە بەختەوەری. هەڵبەت ئەم بابەتە هیچ لە لێهاتوویی منداڵانەی مۆتزارتی کەم نەکردەوە، ئەویش لەوکاتەدا کەمۆتزارت لەنامەیەک بۆ جۆزێف بۆلینگێر، ئاماژە بە هاوپێوەندیی پڕ لەنهێنیی لەنێوان بەختەوەری و سیحر دەکات و دەنووسێ: بەشەرافەتەوە ژیان و بەختەوەرانە ژیان دوو شتی تەواو لێک جیاوازن، ئەمی دووەمیان شتێکە کە بەبێ جۆرێک ئیمکانی سیحربازانە بۆ من مومکین نییە؛ هەر بەم هۆیە دەبێ شتێکی تەواو بان سروشتییانە ڕوو بدا.

**لەفارسییەوە: ئەمجەد غوڵامی**



ڕێک وەک بوونەوەرانی ئەفسانەیی، منداڵ باش دەزانێ کە بۆ بەختەوەر بوون دەبێ دێوەزمە کە لە تەنیشتی خۆی لەناو لەنتەرەکە ڕابگرێ یان کەرێکی هەبێ کەپارەی زێڕین تەرسەقول دەکا و قازێکی لەناو ماڵدا هەبێ کە هێلکەی زێڕینی بۆ بکا. گرینگ نییە کە لە چ دۆخێکدا بی، گرینگتر ئەوەیە شوینی دروستی بزانی و بزانی وێردی دروست بخوێنی تا بتوانی گرفتەکەت چارەسەر بکەی و بەشێوەیەکی پیاوباشانەبەئامانجی خۆت بگەی.

سیحر ڕێک بەم مانایەکە هیچ مرۆڤێک شیاوی بەختەوەربوون نییە و بەهەمان شێوەکە مرۆڤی کەونارا دەیزانی، هەر چەشنەبەختەوەرییەکی شیاوی مرۆڤ بەردەوام جۆرێک ڕیلاسی و بێ چاوەڕووییە؛ بەردەوام دەرئەنجامی جۆرێک ملهۆڕی و زێدەخوازییە. بەڵام گەر کەسێک بتوانێ فێڵێک بدۆزێتەوەو بتوانێ بەجۆرێک چارەنووسی خۆی بگۆڕێ - و گەر بەختەوەریگرێی نەخواردبێ بەو شتەی کەمرۆییەو بەڵکوو دەروەستی بەگوێزێکی سیحربازانەو جۆرێک وێردەوەبێ - ئەوکات و تەنیا ئەوکاتەکەمرۆڤ دەتوانێ ڕاشکاوانە و بەحەقیقەت خۆی بەبەختەوەر بزانێ.

ئەم ئاوەزی منداڵانە، کە بەختەوەری ئەو شتە نییە کە شایستەی بی، بەردەوام ڕووبەڕووی نارەزامەندیی مۆڕالی فەرمی بووەتەوە. بۆ وێنە گوێ بدەن بەم وتەی کانت فەیلەسووفێک کە خاوەن وردترین توانستی تێگەیشتنی ئەو جیاوازییەی لەنێوان بەشەرافەت ژیان و بەختەوەرانەژیان بووە- : شتێک کەلەمرۆڤی تینوویبەختەوەریدا دەبیندرێ، جۆرێک ڕاکەشە(Inclination) و ئەو شتەی ئەم ڕاکەشەدەبەستێتەوەبەدۆخی بوونی سەرەتایی مرۆڤ، ئاوەزە. بەڵام ئێمە(یان ئەو منداڵەی لە دەروونی ئێمەیە) نازانێت لەگەڵ ئەو بەختەوەرییەی کە ئێمە شیاوی ئەوین، دەبێ چ بکات. چ کارەساتێکە کە ژنێک خۆشتانی دەوێت چونکا شیاوی ئەون! و چەندە ماندووکەرەیە کە بەختەوەری وەک جۆرێک پاداشت بۆ کارێک کە بەدروستی بەئەنجامتان گەیاندووە، پێبدرێت.

ناکرێ ئاوا بەئاسانی بڵێی ئەو هۆگرییەی کەسیحر دەتبەستێتەوەبەبەختەوەری نائەخلاقییە، بەڵکوو لەراستیدا ئەو هۆگرییەئاماژەبەجۆرێک مۆڕاڵی سەرترە؛ دەکرێت ئەم بابەتە بە پرەنسیپێکی کەونارایی نیشان بدرێ، پرەنسیپێک کە دەڵێ هەر کەس کە دەزانێ بەختەوەرە، لەپێشدا دەستی لەبەختەوەربوون شتووەتەوە. ئەمە بەو مانایە کە بەختەوەری پێوەندییەکی پارادوکسی لەگەڵ سووژەی خۆیدا هەیە. کەسێ کە بەختەوەرە ناتوانێ بزانێ کە بەختەوەرە. سووژەی بەختەوەری، سووژەیەکی هەر لەخۆوە(per se) نییە، ئەو خاوەن قەوارەی ئاگایی (consciousness) یان ویژدانێک(conscience) نییە، تەنانەت قەوارەی باشی ئەویشی پێ نییە. لێرەدا بەڕواڵەت سیحرجۆرێک ئاوارتەیە، تەنیا شتێکە کە ئیزنی ئەوە دەدا بەختەوەر بی و بزانی کە بەختەوەری.ئەو کەسەی کەبەتوانای جۆرێک سیحربازی ببێتەخاوەن شتێک، توانیویەتی لەو خۆهەڵکێشانەدەرباز بێ کەبەڕاشکاوی لەناخی هەر چەشنەئاگاداربوون لەبەختەوەریدا شاردراوەتەوە، چونکا بەمانایەکی تایبەت، ئەو بەختەوەرییەی کەمرۆڤ وادەزانێ خاوەنیەتی، ئیتر هی ئەو نییە. هەر بەم هۆیەیەکەکاتێک زیئۆس خۆی لە قەوارەی ئامقیتریۆن دەرهێنا و بەم فێڵەبوو بەهاوبەستەری ئاڵکمن، ئیتر ئەمە چێژبردن لە قەوارەی زیئۆس نییە، تەنانەت بەرەچاوکردنی ڕەواڵەتی ڕووداوەکەش چێژبردنەکەلەقەوارەی ئامقیتریۆنیش نەبووە. چێژبردنی ئەو بەتێکرایی لە گرەو سیحرە؛ تەنیا لەو شتەی کە بە فڕوفێڵی سیحراوی مسۆگەر دەبێ، دەکرێت بەئاگەداری و بەشێوەیەکی ڕەسەن چێژ ببەی. تەنیا ئەو کەسەی کە سیحری لێکراوە دەتوانێ بەشیرە بزەوە بڵێ «من»؛ تەنیا بەختەوەرییەک کە لە راستیدا شیاوی ئەوین، ئەو بەختەوەرییەیەکە ئێمە هیچکات بەخەونیش باوەر ناکەین شیاوی بین.

ئەم بابەتە کە تەنیا یەک ڕێگە بۆ مسۆگەرکردنی بەختەوەری ئامادەیەو ئەویش «باوەڕ هێنان بەبڕیاری خوداوەندی و لەسەر دەکردنی ئارەزووی بەیەکگەیشتنە«، کەدەبێ وەک هۆکاری دواجاری ئەم وێناکردنە ئاوری لێبدرێتەوە (کاتێک کافکا لە دیمانە لەگەڵ گۆستاو یانووش دەڵێت: «کۆگایەک هیوا هەیە، کەچی نەک بۆ ئێمە«، بەجۆرێکی ئایرۆنیک هەر ئەم وتەیەدووپات دەکاتەوە). ئەم بابەتەتەواو پارێزکارانە، کاتێک فام دەکرێ کەئێمەلەمانای «کەچی نەک بۆ ئێمە« بگەین. «نەکبۆئێمە« بەو مانا نییەکەبەختەوەری هەمیشەهی ئەوانیترە (بەختەوەری بە ڕاشکاوی هی خودی ئێمەیە)، بەختەوەریچاوەروانی ئێمەیە، بەڵام تەنیا لەو خاڵەدا کەبۆ ئێمەدیاری نەکراوە. واتە بەختەوەری تەنیا لەرێگای سیحرەوەبەر ئێمەدەکەوێ. لەو خاڵەدا، کاتێک ئێمە، ئەو لەو شتەی پێی دەوترێ چارەنووس جیا دەکەینەوە، بەختەوەریبەگشتی هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کەئێمەخۆمان بەداشداری سیحر بزانین، بەگشتی هاوکاتەلەگەڵ ئەو جم و جوڵ (ژێست)ەی کەئێمەدەیکەین بۆ ئەوەی بۆ جارێکی تر و بۆ هەمیشەخەم و کەسەری منداڵی لەناو ببەین.

گەر ئاوا بێ، گەر هیچ بەختەوەرییەک جیا لەهەمان هەستی توانستی سیحرباز بوونەلەگۆڕێدا نییە، ئەوکات پێناسەی پڕ لەنەهێنیی کافکا لەسیحر ڕوونتر دەبێتەوە. ئەو دەنووسێ کەگەر ئێمەژیان بەناوی دروستی بخوێنینەوە، بەدی دێت، چونکا ژیان خۆی جەوهەرەی سیحرە کە ناخوڵقێنێ بەڵکو بانگەشە دەکا. ئەم پێناسەلەگەڵ ئەو نەریتەکە و ناڕاییە کە کابالیستەکان و نەهێنی بێژان بەدڵەڕاوکەیەکی زۆرەوە بەدوایدا دەگەڕێن، دەخوێنێتەوە؛ بەپێی ئەم نەریتە، سیحر بەناچار زانستی ناوە نهێنییەکانە. هەر شتێک، هەر بوونێک، وێڕای ئەو ناوە ئاشکرایانەی کەهەیەتی، خاوەن ناوێکی نهێنیشەکە ناتوانێ سەبارەت بێ لایەن بێ. سیحرباز بوون بەمانای زانین و لەخەو هەستاندنی ئەم سڕە ناوانەیە. کەواتە باس و خواستێکی بێ کۆتایی لەمەڕ ناوەکان (ئەهریمەنی و فریشتەیی) ساز دەبێت تا فاڵگر لەزاڵبوونی تێکرایی خۆی بەسەر هێزەڕۆحانییەکانیدا دڵنیا بێتەوە. بۆ ئەو ناوی نەهێنی تەنیا مۆرێکە، مۆری توانستی سیحرباز لەمراندن و بووژانەوەی ئافراندراوێک کەئەو ناوی دەهێنێت.

بەڵام بەپێی نەریتێکی تر، کەلەخۆیدا نەریتێکی ڕوونترە، ناوی نەهێنی زیاتر لەوەی کلیلی داماڵینی شت لەبەرامبەر وتەی سیحرباز بێ، مۆنۆگرامییەکە[1] کەوەک لەمپەرێک پێشگری دەکا لەدەربازبوونی شت لەچنگی زمان. لەباخی عەدەن تەواو بوونەوەران بەناوی نەهێنییانەوەبانگ دەکرێن. لەگەڵ ئەوەی ئەم ناوەنەهێنییەدەردەبڕدرێ، تەواو ناوەئاشکراکان - یان لەراستیدا کۆی تاوەری بابلی ناوەکان - دەلەرێتەوە. بەم هۆیەیەکەبەپێی وانەی باسکراو، سیحر بانگەشەی بەختەوەرییە. ناوی نەهێنی ژێستێکەکە ئافراندراو دەگەڕێنێتەوەبۆ بابەتی بەیان نەکراو. سەبارەت بەم بابەتەدواجارەدەبێ بوترێ کەسیحر جۆرێک زانستی ناوەکان نییە، بەڵکو ژێستێکە، تێکەڵاوکردن و دەربازبوون لە ناوەکانە. بەم هۆیەیەکەمنداڵ هیچکات بەزەندەی ئەو کاتەی زمانێکی نهێنی بۆ خۆی دادەهێنێ، دڵخۆش نییە. کەسەر و خەمۆکی منداڵ زیاتر لەوەی بەهۆی نەزانینی ناوەسیحرییەکان بێ، بەهۆی نەتوانینی لەدەربازکردنی خۆی لەخێوەتی ناوەیکەکەبەسەریدا داسەپاوە. تەنیا کاتێک سەر دەکەوێ، تەنیا کاتێک ناوێکی نوێ دادەهێنێ کەخاوەن پەسڤۆردی (laissez-passer) بەختەوەری بێ، وشەی چوونەژوورێک کەبەختەوەری پێدەبەخشێ. خاوەن ناو بوون تاوانەو عەدالەت وەک سیحر بێ ناوە. بەختەوەر و بێ ناو، بوونەوەرانێک لەپشت دەروازەکانی سەرزەوینی سیحربازان، لەدەرگا دەدەن، بوونەوەرانێک کەتەنیا بەژێستەکانیان دەدوێن [2].

**پەڕاوێزەکان:**

[1]. پیتەسەرەتاییەکانی ناو یان شتێک کەبۆ جوانکاری لەسەر کراس یان پاکت تۆمار دەکرێت.

[2]. لەهەمبەر ئەو ئەهریمەنانەی کەلەپشت دەرگای ژوورەکەی کافکا دەرگا دەکوتێ (فاشیزم؟!)

ژێدەر:
Magic and Happiness” in:” Profanations, Zone Books: 22–2007, pp. 19